یەکگرتووی ئیسلامی: بچێاندنی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەمریکا زیانێکی گەورە بەعەراقییەکان دەگەیەنێت

فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان ،ئەمڕۆ چوارشەممە جەختیکردەوە کە بچڕاندنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا و بژاردەی داخستنی باڵیۆزخانەکەی زیانێکی گەورە بە خەڵکی عێراق دەگەیەنێت، لە کاتێکدا عێراق بە بارودۆخێکی سەختدا تێدەپەڕێت ،و عەرەبەکانیش پشتیوانی لە فەڵەستین و غەززە ناکەن.

دارا حەمە ئەندامی فراکسیۆنی یەکگرتوو لەئەنجومەنی نوێنەران لە لێدوانێکی بە ئاژانسی (موتەع) رایگەیاند:" دیپلۆماسییەتی عێراق، بەتایبەتی لەو ماوەیەی محەمەد شیاع سودانی دەسەاتی وەرگرتووە، زۆر باشتر بووە و لەگەڵ زۆرێک لە وڵاتاندا کراوە و پشکۆتن لەو بوارەدا هەیە."

ئاماژەی بۆشکرد"عێراق بەچەندین بارودۆخی دژواردا تێپەڕی و ئەمریکا یەکێک بوو لەو وڵاتانەی کە پشتیوانی عێراقیان کرد لە شەڕی دژ بە داعش و تیرۆریزم، بەڵێ پچڕانی پەیوەندییەکانی عێراق لەگەڵ ئەمریکا یان داخستنی باڵیۆزخانەکەی یان نەردەکانی دیکە خزمەت بە بەرژەوەندی گەلی عێراق ناکات."

وتیشی " پێویستە بەرژەوەندی گەلی عێراق لەپێشینە بێت و پێش وەرگرتنی ئەوەی هەڵوێست و بڕیار" و ئاماژەی بۆشکرد "ئەوەی لە غەززە و فەلەستین ڕوودەدات تاوانی جەنگ و ئەمە ئیدانەی دەکەین."

باسی لەوشکرد " بەچی وەاتانی عەرەبی پشتیوانی لە فەلەستین و غەزە ناکەن و سنووریکانیان نەکردەتەوە تەنانەت بە دابینکردنی یارمەتیش و هەواڵستکی ئەرێنییان نەبوو سەبارەت بەوەی لەوە ڕوودەدات."

ئاماژەی بەوشکردووە، "بژاردەی دیکە هەیە کە عەراق دەتوانێت پشتی پێ ببەستێت جگە لە بینینی پێیوەندییە دیپلۆماسییەکان لەگەڵ وەاتانی دیکەدا."